www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 31-8-2006 1:35

# ئایندەمان روونە لەپای چارەسەی خێڵەکی ... دیاری فەریدون

هەر لە مێژە تائەم ساتەی كەتێیدا گوزەر دەكەین یاسا وچارەسەری خێڵەكی دوو راستە هێڵی تەریین هەتاهەتا ناگەن بەیەك. بەڵام ئەوەی كەنابێت ئەوەتا لەناو كۆمەڵگاكەماندا روویداو ئەو دوو راستەهێڵە یەكیان گرتۆتەوە بۆ بەدبەختی كۆمەڵگاكەمان.
لەناو كۆمەڵگا تازە پێگەیشتووەكاندا بەتایبەتی كۆمەڵگای رۆژهەڵاتی ناوەراست وەیان باشترە بڵێن ئەو كۆمەڵگایەی عەقڵی خێڵەكی ئەیبات بەرێوە لەبری یاسا، یاساش بوونی نەبێت گەر هەشبێت تە نها بۆ رۆتینەو لەهەندی شوێندا یاسا كاری خۆی دەكات لەسەر ئەو كەسانەی كەیاسا دەیانگرێتەوە، كەدەڵێم یاسا دەیانگرێتەوە لەبەر ئەوەیە كەسەكە كەسی لەپشتەوە نییە تاپارێزگاری لێبكات ودەربازی كات لەبریارەكانی یاسا.
ئەو وولاتەی یاسا دەیبات بەرێوە وولاتێكی نمونەیی یاسایی دەبێت لەهەمو لایەنەكانیەوە لەبەر ئەوەی لەو وولاتەدا كەس لەسەرو یاساوەنییە.
بەڵام ئەوەی لەم دواییدا بەدی كرا گوێنەدان بوو بەیاسا رووكردنە بەر چارسەری خێڵەكی كەلەم ناوەندەشدا كەسانی بێ توانا بوونەتە سوتوی ئەو چارەسەرە بەتایبەتی ژنانی كۆمەڵگا كەهەمیشە وەك قوربانیەك بەكاردەهێنرێت بۆچارەسەری كێشەكان لەلایەن سەرۆك خێلەكانەوە، كەلەبری خوێن ئەدرێن وهەندی جاریش چارەنوسی ئەوژنانە نادیارن و نازانین چیان بەسەر هاتووە.
ئەوەتا لەناو كۆمەڵگای خۆماندا رۆژانە چەندین چیرۆكی سەیرو سەمەرەو دڵتەزێن دەبیستین دەربارەی چارەسەری خێڵەكی كە لەرێگەی سەرۆك خێلەكانەوە چارەسەری كێشەكان دەكەن. دواین چارەسەری ئەوەیە كە لەلایەن زیاتر لە 11 سەرۆك خێڵ كراوە لەكێشەیەكی نێوان دوو بنەماڵەدا ئەویش بنەماڵەی مهاباد وساڵح مزەلی كەهەستاون بەچارەسەری كێشەكەیان لەرێگەی چارەسەری خێڵەكی بەری بری 17 دەفتەر دۆلار درا بەبنەماڵەی مهاباد لەپای كێشەكەیان، ئەوەی جێگەی سەرسورمانە ئەم كێشەیە ماوە پێنج ساڵە كۆتایی پێ هاتوە دادگا بریاری كۆتای خۆی دابوو لەسەر كێشەكە بەزیندانی كردنی بۆ ماوەی هەتاهەتای كەچی لەپاش پێنج ساڵ تێپەر بوون بەسەر دادگاییەكەو چارەسەرێكی تریان بۆ دۆزیەوە لەدەرەوەی دادگا لەلایەن سەرۆك خێڵەكانەوە كەهەستان بەچارەسەر كردنی كێشەكە، داخەكەم ئەوەی لەراگەیاندنەكانەوە بڵاودەركرێتەوە كەسانی هەڵگری خاوەن بروانامەی یاسا ئەوانیش بروایان بەو چارەسەرە هەیە وقسەیان تێدا كردووە و چاوەرێی ئەوەن كەلەپەرلەمانی كوردستان بریارێك دەربچێت بۆ ئازاد كردنی ساڵح موزەلی بەپێی بریارێك كەمافی گشتی (حق العام) كەی لەسەر لاچێت قسەم لەسەر ئەوەیە بەوجۆرە چارەسەری كێشەكانمان بكرێت كەیاسا بریاری خۆی لەسەر دابێت لەپاش یاسا روودەكەنە سەرۆك خێڵەكان گەر وابروات یاسا گرنگی نامێنێت و دەرگاكان زیاتر ئاوەڵا دەبێت بۆ كاری نابەجی و پێشل كردنی مافی مرۆڤ لەبەر ئەوەی كێشەكان چارەسەری لەدەرەوە دادگا دەكرێت وە باخوێنی دەیانی وەكو مهاباد بەفیرۆ بروات كەسیش بۆی نییە قسەی لەسەر بكات.
گەر قسەشی لەسەر كرا ئەوەتا چارەسەری بۆ دەدۆزنەوە چونكە دۆسیەی كێشەكانمان لەناو هۆڵی دادگاكانەوە گواستراوە بۆ ژێر دەستی یاسایەكی نوی بەناوی (چارەسەری خێڵەكی) بۆناو فەرهەنگی یاسا و لەسایەی ئەوووشەیەوە ئایندەمان روونتر دەبێت.